## پاش مردنی مەرزیە فەریقی ... ئاریان تحسین

Aryan_tahsen@yahoo. com

رۆژی 2005/9/18 گۆرانی بیژی ئافرەتی کورد مەرزیە فەریقی دڵ گەورەکەی لە لێدان کەوت کۆچی هەتا هەتایەی لێکردین. مەرزیە نمونەی ئافرەتی شۆرشگیری بە وەفای گەلەکەمان بوو و هەوێنی داهێنانی سروودی ئافرەتان لە ناوکوورد بوو. لە هەمووی گرنتر ئەوەیە بەشداری لە گشت خۆشی و ناخۆشی گەلەکەمانیدەکرد ئەم هەلویستەش لە زۆر هونەرمەندانی تر بەدی ناکرێت ئەگەر هەشبی زۆر بە دەگمەنە. کۆچی ناوادەی مەرزی خەسارەتێکی زۆر گەورە بوو بۆ کورد چونکە لە سەردەمی ئێستامان زیاتر چوونی ئافرەت بۆ ناو بواری گورانیەوە کەمە یانیش دەتوانین بلێن ئەوانەی دەچنە ناوبواری هونەریەوە زیاتر کەسێکیان هونەرمەندە نمونەشیان وەکو (گولستان پەروەر، ئالان عومەر، . . . . ) .
ئیمەی گەلی کوردیش هەتا هونەرمەندێکمان لە دەست نەچی رێزی ناگرین پاش مردنیشی دونیای بۆ دەهەژێنین هەروەك ئایشەشان پێش بمری چەند بە دەر بە دەربەدەری ژیا ئەو وولآت ئەو وولات کرد تا لە یەکێك لە وولآتانی ئەوروپا سەری نایەوە ئێستاش هەموو ساڵی لە شاشەکان یادی دەکرێتەوە.
بۆ ئەوی هیچی تر رەشبینی دامان نەگرێت کە هونەرمەندی َ مرد نەلێین کاروانی هونەر کوردی مەبەستم لە ناو ئافرتان بە کۆتای هات. پێویستە هەوڵ بدرێت

1. زیاد کردنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شارەکان و قەزاو ناحیەکان بۆ ئەوی زیاتر کچانمان بە لای هونەر رابکێشی.
2. ئاسانکاری بکرێ بۆ ئەو ئافرتانەی کە دەیانەی بەرهەمێك بهێنە بازارەوە
3. دابینکردنی مووچەی رێز لێنان بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنێکی زۆریان بۆ هونەر بەخشی
4. دانای پۆستی گرنگ لە شوێنانەی کە پەیوەندیان هەیە بە هونەرەوە بۆنمونە لە کۆشکی هونەر لە هەولێر بەشێکی نابینی کە ئافرەتێك بەرپرس بێت
5. نەگرتنی توانج یان نەشکاندنەوەیان لە ناو کۆمەلگاکەمان بۆ ئەو ئافرەتە بەرێزانەی کە دێنە ناو بواری گۆرانی کوردیەوە

بەمەش لە مەودوا دەتوانین چەندان (مەرزیە و شەشپەپولەکەو لە کۆتایی نامەکەتا) بهێنە ناو هونەرستانی کوردی، ئیتر مەرزیە خەوێکی خۆش بۆتۆ سلآو لە پاکی تۆ و هەموو ئەو هونەرمەندە ئافرەتانەی کە بە ژیانێکی پڕ لە غەریبی سەریان نایەوە.